# چیرۆکێکی جیا

شانۆنامەیەکی سێ پەردەیی

**پژمان پەروازی**

وەرگێڕانی: هێلین ئیبراهیم



٢٨ی ئایار ٢٠٢٢ شانۆنامە

## پەردەی یەکەم

**دیمەن:** ژووری دانیشتنی ماڵێک

**کارەکتەرەکان:** پیاوێک و ژنێک

[پیاوەکە لەپشت مێزەکەی دانیشتووە و خەریکی نووسینە. جاروبار سەری هەڵدەبرێت و پێدەکەنێت و دیسان درێژە بە نووسینەکەی دەدات. هاوسەرەکەی بە سینییەک و دوو کوپ قاوە دێتە ژوورەوە. بە باشی سەرنجی جووڵەی پیاوەکە دەدات، بەڵام هیچی لێ

تێناگات. پاش ماوەیەک ماندوو دەبێت سینییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت. پیاوەکە تازە ئاگاداری هاتنی ژنەکەی دەبێت. چاویلکەکەی لا دەبات، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت و قاوەکە هەڵدەگرێت. بە نیشانەی سوپاسکردن سەری دەجووڵێنێت ژنەکە هاوکات بە سەرسووڕمانەوە چاودێریی هەڵسوکەوتی مێردەکەی دەکات]

**پیاوەکە:** چییە خاتوون؟ بۆچی بەو شێوەیە سەیری من دەکەی؟ هیچ بووە؟

**ژنەکە:** نەخێر پیاوەکە، دەتەوێ چی ببێت؟

**پیاوەکە:** ئاخر وا لێم ڕاماوی هەر کەسێک ببینێت دەڵێ ئاخۆ چی قەوماوە.

**ژنەکە:** چی بڵێم پیاوەکە.

**پیاوەکە** [ئاماژە بە قاوەکە دەکات]: بە بە، هەم، چ قاوەیەکە.

**ژنەکە:** سوپاس پیاوەکە.

**پیاوەکە** [بەسەرسورمانەوە]: بۆچی؟

**ژنەکە:** لەبەر ئەوەی بە شان و باڵما هەڵتدا.

**پیاوەکە:** من؟! من بە شان و باڵتا هەڵمدا خاتوون؟

**ژنەکە:** بەڵێ، [ئاماژە بە قاوەکە دەکات] بەڵێ.

**پیاوەکە** [بە پێکەنینەوە]: ئەها، نەخێر، نەخێر، مەبەستم ئێوە نەبوو [بە لەزەتێکی تەواوەوە قاوەکە دەخواتەوە] نەخێر.

**ژنەکە:** ئاخر خۆتان گوتتان.

**پیاوەکە** [قسەکە بە ژنەکە دەبڕێت]: چی من خۆم گوتم؟

**ژنەکە** : ئاخر گوتتان چ قاوەیەکە.

**پیاوەکە** : باشە؟ ... یانی چی؟

**ژنەکە:** ئەوە واتە پێداهەڵگوتن پیاوەکە.

**پیاوەکە:** بەڵێ دەبێتە پێداهەڵگوتن، خۆم دەزانم بانوو.

**ژنەکە:** بەڵێ پیاوەکە، باشە منیش لەبەر ئەوە گوتم سوپاس.

**پیاوەکە** [بە سەرسورمانەوە]: بەڵێ؟ ئێوە لەبەر ئەوەی من باسی قاوەکەم کردووە،

بە منت گوت سوپاس؟ باش گوێم لێ بوو بانوو؟

**ژنەکە** [بە خۆشحاڵییەوە]: بەڵێ پیاوەکە، وایە.

**پیاوەکە**: سەیرە! [لە جێگایەکەی هەڵدەستێت. بە وردی چاو بە کوپە قاوەکەدا دەگێڕێت. ئەوەی ماویەتەوە هەڵیدەلووشێ. دواتر کوپەکە بەسەرەونخونی لەسەر ژێرپیاڵەکە دادەنێت. ژنەکە بە بنجکۆڵییەوە سەیری دەکات. پیاوەکە دەستی لە پشتەوە گرێ دەدات لە کاتێکدا رووی لە شانۆ و پشتی لەوە، بەردەوام دەبێ] سەیرە ! ئێستا ئێمە چەند ساڵە هاوسەرگیریمان کردووە بانوو؟

**ژنەکە**: چەند ساڵە؟ [ پیاوەکە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە سەری بە مەبەستی جەختکردنەوە دەجوولێنێت. ژنەکە دەست بە ژماردن دەکات] ئێستا نزیکەی یازدە ساڵ و سێ هەفتەیە.

**پیاوەکە**: ڕاستە، با بزانم، تا ئێستا بووە من بە شان و باڵی ئێوەدا هەڵمدابێ؟ تەنانەت، تەنانەت یەکجاریش؟

**ژنەکە**: نەخێر پیاوەکە، نا... نا ... وات نەکردووە... خوا ئاگادارە نەخێر.

**پیاوەکە** [جەستەی روو لە شانۆ و ڕوویشی لە هاوسەرەکەی]: هەر بۆیە پێویستیش ناکات سوپاسم بکەیت.

**ژنەکە**: ئێ ئاخر، من قاوەکەم ئامادە کرد، وامزانی هەر لەبەر ئەوە واتانگوت پیاوەکە.

**پیاوەکە** [دەجوولێ لە دوورەوە و لە سووچێکی ژوورەکەدا هەروا بە تەنیشت ژنەکەدا تێ دەپەڕێت]: ئەوە کەی بەڵگەیە؟ واتە چونکە ئێوە قاوەکەتان ئامادە کردووە؟

**ژنەکە**: خۆ نەخێر، ڕەنگە لەبەر هۆکارێکی تر بووبێت پیاوەکە.

**پیاوەکە** [لەژێر چاویلکەکەوە بۆ ماوەیەک بنجکۆلانە لە ژنەکە دەڕوانێت. ژنەکە هیچ ناڵێت]: باشە فەرموو، گوێ دەگرم، کام هۆکار؟

**ژنەکە** (بە خۆشحاڵییەوە): باشە، ڕەنگە لەبەر ئەوەی من قاوەکەم کڕیوە.

**پیاوەکە** [چەندین جار سەری بە مەبەستی سەرسووڕمان و ڕەتکردنەوە بۆ سەرەوە و خوارەوە

دەبات و بای دەدات!]: نەخێر.

**ژنەکە**: لەوانەیە...، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەی من خۆم قاوەکەم کڕیوە، پیاوەکە.

**پیاوەکە** [بە سەرسوڕمانەوە]: ئێستا ئەوەت گوت بانوو گیان.

**ژنەکە:** نەخێر، واتە...، مەبەستم ئەوەیە کە خۆم پارەکەیم داوە.

**پیاوەکە:** واتە ئێوە لە ماوەی ئەم یانزدە ساڵە پێکەوە هاوسەرگیریمان کردووە [ژنەکە قسەکەی پێ دەبڕێت]

**ژنەکە:** یانزدە ساڵ و سێ هەفتەیە.

**پیاوەکە:** ئێستا هەرچی...، تا ئێستا دیوتە ویستبێتم بۆ ئەوەی کە ئێوە دەچنە سەرئیش و پارە بەدەست دەهێنی و کرێ خانوو دەدەی و شتومەک دەکڕی هیچ سوپاسێکم کردبێت بانوو؟ [ژنەکە بۆ ماوەیەک بیر دەکاتەوە. دوای سەری بە نیشانەی نەخێر دەجووڵێنێ] دەی؟

**ژنەکە:** ئێستا من بەو شێوەیە بیرم کردەوە پیاوەکە.

**پیاوەکە:** نەخێر ئیتر، ئازیزەکەم سەیرکە، پێش گوتنی هەرشتێک باش بیر بکەوە. بیرکردنەوە بە تەنیا بەس نییە، بیرکردنەوە لەگەڵ باش بیرکردنەوە جیاوازە.

**ژنەکە:** ڕاست دەکەن پیاوەکە، ئێوە لەسەر هەقن.

**پیاوەکە:** کاتیک باش بیر بکەیتەوە، دەبینی کە من وەسفی قاوەکەم کردووە واتە قاوەکە بەردەنگی من بووە، من گوتم چ قاوەیەکە ڕاستە؟

**ژنەکە:** ڕاستە

**پیاوەکە:** ناوی ئێوە قاوەیە؟ [ژنەکە بە شەرمەوە سەیری دەکات و سەری دادەخات]

**ژنەکە** [لە بەرخۆیەوە]: نەخێر پیاوەکە، ناوی من بانووە.

**پیاوەکە:** پێم بڵێ بۆچی کاتێک هاتیتە ژوورەوە، بەو شێوەیە سەیری منت دەکرد؟

**ژنەکە:** بینیم خەریک بووی لەگەڵ خۆتدا قسەت دەکرد پیاوەکە.

**پیاوەکە:** من؟

**ژنەکە:** بەڵێ پیاوەکە، هەر لەبەرخۆتەوە شتانێکت دەگوت و دەتنووسییەوە.

**پیاوەکە:** سەیرە! [چاویلکەکەی هێنایە خوارەوە و هەڵمێکی دەمی لێ دەدات و دەیسڕێتەوە و دووبارە دەیخاتەوە شوێنی خۆی] دەتەوێ چیتر لەبارەی منەوە بڵێی؟

**ژنەکە:** من؟ من خۆ شتێکم نەگوتووە پیاوەکە.

**پیاوەکە:** ئەوەی من وەسفی ئێوە کردووە، لەگەڵ خۆم قسە دەکەم، چووزانم ... بە جارێ بڵێ من نووسەرم و ببڕێتەوە.

**ژنەکە:** دەی خۆ نووسەرن پیاوەکە.

**پیاوەکە:** من نووسەرم؟

**ژنەکە:** بەڵێ نووسەرن، نین؟

**پیاوەکە:** من نووســـــەرم؟ [ژنەکە بە ئاماژەی ســـــەر و بەوریاییەوە پێداگری دەکات] سەیرە! چۆن؟ ها؟

**ژنەکە:** چۆنی نییە، دیارە ئیتر پیاوەکە.

**پیاوەکە:** هەر ئەوە؟ [لاســایی ژنەکە دەکاتەوە] دیارە ئیتر پیاوەکە! ئەمە بەبێ بەڵگەیەکی بڕواپێکراو و پتەو نابێت بانوو.... دەبێت بەڵگەت هەبێ.

**ژنەکە:** بەڵگە [بیر دەکاتەوە] بەڵگە ئەوەیە کە ئێوە بە منتان گوت نووسەرن.

**پیاوەکە:** من؟ من گوتم؟

**ژنەکە:** بەڵێ پیاوەکە، ئێوە گوتتان.

**پیاوەکە:** کەی؟ چ کات؟ لە کوێ؟ چۆن؟ لە چ ساتێکدا؟

**ژنەکە:** هەمان ئەو ڕۆژەی کە هاتنە داخوازی من، گوتتان قوتابیی بەشــی ئەدەبیاتن، من گوتم دەبنە چی، ئێوە گوتتان نووسەر، منیش گوتم بۆ نووسەریش پیشەیە، ئێوە گوتتان بەڵێ. هەوە...، ئەوکات ناوی چەندین نووسەرتان هێنا.

**پیاوەکە:** ناوەکان چی بوون؟

**ژنەکە:** بیرم نییە پیاوەکە، ئۆووە، ڕۆژی خوازبێنی تا ئێستا، لەبیرم نەماوە.

**پیاوەکە:** بڕوانە، پرسیارێک.

**ژنەکە:** فەرموون پیاوەکە.

**پیاوەکە:** من لەو ماوەیەی کە لەگەڵ تۆ هاوســـــەرگیریم کردووە تاکوو ئێســـــتا هیچم نوسیووە؟

**ژنەکە:** وەکوو چی؟

**پیاوەکە:** بۆ نموونە شیعر، چیرۆک، وتار، سیناریۆ، شانۆنامە، کتێب.. نووسیومە؟

**ژنەکە:** بەردەوام سەرقاڵن.

**پیاوەکە:** سەرقاڵی چی؟

**ژنەکە:** سەرقاڵی نووسین.

**پیاوەکە:** باشە، بەردوام بە.

**ژنەکە** [بە خرۆشـــــانەوە]: بەچاوان پیاوەکە، بەیانی کە چاو دەکەیتەوە دێیتە ئێرە و دادەنیشـــــیت، زەڵت دەڕوانیتە کاغەزەکە، هەندێ کات پێنووســــەکە هەڵدەگری، چەند ئەتوارێکیش دەکەی.

**پیاوەکە** [بە خرۆشانەوە]: بەردەوام بە، دوای ئەوە؟

**ژنەکە:** من دەچمە ســـەرئیش، شـــت دەکڕم، خواردن ئامادە دەکەم، جلەکان دەشـــۆم و ئوتوویان دەکەم و لەنێو کەنتۆرەکە دەقیان دەکەم، قاپەکان دەشۆم و کاروباری ماڵەوە بەڕێوە دەبەم پیاوەکە.

**پیاوەکە:** باشە، من چی؟ چیرۆکەکانم چی؟

**ژنەکە:** کامە پیاوەکە؟

**پیاوەکە:** ئاخر ئەگەر من نووسەر بم، دەبوو شتێکم هەبێ.

**ژنەکە:** چ شتێک؟

**پیاوەکە:** شتێک کە پیشانی بدات نووسەرم [بە چاوی پاڕانەوەوە لە ژنەکە دەڕوانێت. بە شڵەژاو و نیگەران دێتە پێش چاو] ها؟ بانوو؟

**ژنەکە:** من سەر لە هیچ شتێک دەرناکەم، ئێوە ڕۆژی داخوازییەکە گوتتان نووسەرن.

**پیاوەکە:** باشە ئەگەر نووسەر بم، دەبێت بنووسم وانییە، ڕاستە؟

**ژنەکە** [بە دڵخۆشییەوە]: ڕاستە... ڕاستە ... ڕاستە.

**پیاوەکە** [بە پێکەنینەوە]: بینیت، باشـــــە؟ کەواتە ئەو نووســـینانە لە کوێن کە من نووسیومن؟

**ژنەکە:** ئەوەیان دەبێ خۆت بیزانیت پیاوەکە، من دەست وەرنادەمە کارەکانی ئێوە.

**پیاوەکە** [بێتاقەت دەبێت]: بزانم، تا ئیستا من هیچم فرۆشتووە؟

**ژنەکە** [بیر دەکاتەوە]: هیچم بە بیر نایەتەوە، وەکوو چی؟

**پیاوەکە:** سەیرە، مەبەستم نووسینەکانە ...باش بیر بکەوە.

**ژنەکە:** تا ئەو شوێنەی لەبیرمە نەخێر، ئێوە تا ئەمڕۆ هیچ پارەیەکتان بە دەست نەهێناوە پیاوەکە.

**پیاوەکە:** کەواتە ئەمە دەری دەخات من نووسەر نیم.

**ژنەکە:** کەواتە ئێوە چین پیاوەکە؟

**پیاوەکە:** ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە پێویستە بیزانم. [ژنەکە سینییەکە و کۆپەکان هەڵدەگرێت تاکوو بیانبات] خۆت چی؟ ... [ئاماژە بە قاوەی ژنەکە دەکات] قاوەکەت؟

**ژنەکە:** سارد بووەتە پیاوەکە. [ دەیەوێت بڕوا کە پیاوەکە کوپەکەی کە سەرەونخۆن داناوە، هەڵدەگرێت. ژنەکە بە بنجکۆڵییەوە سەیری دەکات و دەڕوات. پیاوەکە کوپە قاوەکەی هەڵدەگەرێنێتەوە و ناوەکەی دەپشکنێت. وەکوو بڵێی بەدوای شتێکدا دەگەرێت بەڵام نایدۆزییەوە. بە نائومێدییەوە دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی و سەرقاڵی نوسین دەبێت. ڕووناکییەکە دەکوژێتەوە.

پەردەکە دادەخرێ]

## پەردەی دووەم

هەمان دیمەن

## [ژنەکە دانیشتووە بە قولاب و سوف شتێک دەچنێ. پیاوەکە دێتە ژوورەوە]

**ژنەکە:** سڵاو پیاوەکە، ماندوو نەبی... [لە جێگاکەی هەڵدەستێت] فەرموو پشوو بدەن، ئێستا چاییتان بۆ دەهێنم [پیاوەکە هیچ قسەیەک ناکات و دادەنیشێت. ژنەکە دەڕواتە دەرەوە بە سینییەک چای دێتەوە. چاییەکەی

هەر لەو ساتەدا هەڵدەگرێت، فووی لێ دەکات و هەڵیدەلووشێ]، بۆ ئێوارە نیسک پڵاوم ئامادە کردووە پیاوەکە، هەرکات ویستت بۆتی دەهێنم.

**پیاوەکە**: نیسک پڵاو؟...لەگەڵ چی؟

**ژنەکە**: لەگەڵ سیری خۆشکراو ئیتر، وەکوو جاران.

**پیاوەکە**: هەر ئەوە ، هەر ئەوە، [لاسایی ژنەکە دەکاتەوە ] وەکوو جاران.

**ژنەکە**: حەزت لێیە بە چییەوە بیخۆی؟ ماستیشمان هەیە.

**پیاوەکە**: ماست؟ نیسک پڵاو لەگەڵ ماست؟ ها.

**ژنەکە**: ئێ زەڵاتەت بۆ ئامادە دەکەم، باشە پیاوەکە؟

**پیاوەکە**: زەڵاتە لەگەڵ چی؟

**ژنەکە**: لەگەڵ هەرشتێک کە ئێوە بفەرموون.

**پیاوەکە**: بانوو، ئێوە بە ناخێری گیانتان کابانن، دەبێ خۆت بزانی پیاوەکەت حەزی لە چییە، ئێمە ئێستا چەند ساڵە هاوسەری یەکترین، ها؟ دە بیڵێ؟

**ژنەکە**: یازدە ساڵ و سێ هەفتەیە.

**پیاوەکە**: هەر ئەوە! بڕوانە تۆ ئاوا بە وردی حیســـابی ڕۆژەکانی ژیانمانت لایە، بەڵام نازانیت پیاوەکەت حەزی لە چییە.

**ژنەکە**: ئاخر ئەگەر پێت بڵێم نیگەران دەبی پیاوەکە.

**پیاوەکە**: من؟ من نیگەران دەبم؟! ئەویش لە ئێوە؟ ئای ئای ئای.

**ژنەکە**: ئاخر حەز و تەبعی ئێوە هەمیشە دەگۆڕێ، هەرجارە و داوای شتێک دەکەن.

**پیاوەکە** [بە توڕەیییەوە]: فەرموو! هەر ئەوە! وابزانم قەرزاباریش بووین!

**ژنەکە**: نەخێر پیاوەکە، باوڕ بکە مەبەستێکی خراپم نەبوو.

**پیاوەکە** [قســەکەی پێ دەبڕێت و لاســایی دەکاتەوە]: مەبەســتێکی خراپم نەبوو، ئەی مەبەستت چی بوو؟ ئیتر چیت دەوێت بانوو گیان؟ هەرچییەک بوو گوتت.

**ژنەکە**: مۆڵەتم دەدەن پێتانی بڵێم؟ ... من تا ئێســتا لە ماوەی ئەو یانزە ســاڵ و ســێ هەفتەیە، بووە بێڕێزیم بەرانبەری ئێوە کردبێ پیــاوەکــە؟، شــتێکم گووتبێــت کە خوانەخواستە دڵی ئێوەی شکاندبێ؟

**پیاوەکە**: باشە؟... مەبەستت؟

**ژنەکە:** دەی ئەوەیە، ئێوە نابێ زوو هەڵبچن کە..

**پیاوەکە:** زۆرباشە، زۆرباشە، بیرمان چوو لەبارەی چییەوە قسەمان دەکرد.

**ژنەکە:** نەخێر پیاوەکە، بەینی خۆمان بێت مێشک و زاکیرەشت زۆر باشە.

**پیاوەکە:** چۆن بانوو؟ شتێک بووە؟

**ژنەکە:** وای، خوا بمکوژێ پیاوەکە، مەگەر بڕیارە شتێک ببێ... خەریکە پێتدا هەڵدەڵێم.

**پیاوەکە:** منیش هەر لەبەر ئەوەیە دەترسم بانوو، هەرئەوەیە من دەترسێنێ.

**ژنەکە:** ئێوە و ترس؟ حاشا وەبیلا، پیاوەکە ئێوە دڵێکی وەکوو شێرتان هەیە پیاوەکە.

**پیاوەکە:** بڕوانە، ئەگەر دەتەوێ دیســـــان بڵێی برۆینە ماڵی باوکت و ئەوان جەوم دەگیرێت، ئەوە پێم وتی، ئیتر خۆت ئەزانی.

**ژنەکە:** ئێمە بە ناخێری گیانمان وا لە ماڵی ئەواندا دەژین پیاوەکە.

**پیاوەکە:** باشە؟... مەبەستت؟

**ژنەکە:** هیچ، مەبەستێکم نەبوو، با بچم نانی ئێوارە بێنم. [بەڕێ دەکەوێ  کە خواردنەکە بهێنێت] نەتگوت لەگەڵ چی بیهێنم پیاوەکە؟

**پیاوەکە** [بە توڕەییەوە]: لەگەڵ هەر چییەک، تەنیا بیهێنە بانوو، بیهێنە! [ ژنەکە دیمەنی شانۆکە بەجێ دەهێڵێت. پیاوەکە لە گیرفانی پارە دەردەهێنێت و دەیژمێریت. ژنەکە دێتە ژوورەوە] چییە بانوو، چییە؟ پارەیە ئیتر.

**ژنەکە:** دەبینم پیاوەکە.

**پیاوەکە:** دەزانی چەند پێویستە کون و وکەلێنەکانی ژیانم پر بکەمەوە؟ هەی هەی.

**ژنەکە** [بە خۆشـــحاڵییەوە]: خوا ســـەلامەتت بکات پیاوەکە، ڕێزی پیاو بە کارکردنە پیاوەکە، ســوپاس بۆ خوا لانی کەم پارەی کرێ خانوو وئاو و کارەبا و تەلەفۆن و گاز نادەین پیاوەکە.

**پیاوەکە** [پارەکان بەتوندی بە زەوی دادەدات]: ئەی بابە، ئێستا ئەگەر هێشــتت پارووە نانێک بە گەڕوومدا بچێتە خوارەوە؟ باشــە خۆت و باوکت ئەوەتان لێم ویســت کە ئەو نهۆمە بگرین و لێرە بمێنینەوە، ئەگەرنا من لە ســـەرەتاوە گوتم برۆینە شـــوێنێکی تر خانوو بگرین، وام نەگووت؟

**ژنەکە** [بیر دەکاتەوە]: بەبیرم نایتەوە، وات گوتبێت؟

**پیاوەکە:** ئا ئا ئا، وام نەگوتووە؟

**ژنەکە:** من نەمگوتووە کە ئێوە واتان نەگوتووە پیاوەکە، گوتم بیرم نایە، واتە لەوانەیە ئێوە واتان گوتبێ من لەبیرم چووبێت.

**پیاوەکە:** ئیدی دانە نێوچاوی دەوێ؟ ئەویش پاش یازدە ساڵ؟

**ژنەکە:** یانزە ساڵ و سێ هەفتەیە پیاوەکە، من هەموو ڕۆژەکانم ژماردووە.

**پیاوەکە:** بۆچی؟ دادەنیشی ڕۆژەکان دەژمێریت؟

**ژنەکە:** هەروا، تۆ کە لەگەڵ ئەوە نەبوویت منداڵمان ببێت پیاوەکە، چیبکەم، بەو شێوەیە خۆم سەرقاڵ دەکەم.

**پیاوەکە** [نیگەران]: ئەی بابە، دووبارە دەستی پێ کردەوە! بانوو، ئێوە هەر خەریکی چنین و چنینن ...[ئاماژە بە سوفەکان دەکات] فەرموو.

**ژنەکە** [بەدەم دانانی سفرەکەوە]: ئێوە لەسەر هەقن پیاوەکە، فەرموون نان بخۆن.

**پیاوەکە** [بەدەم خواردنەوە]: ئینجا شتێک دەخاتە سەر بژێوی؟ ... ئەم مانگە چەندت فرۆشتووە؟

**ژنەکە:** چنینەکە؟

**پیاوەکە:** هەڵبەت بانوو، ئێوە بێجگە لە چنین ئیشێکی دیکە دەکەن؟ تۆ لە ماڵەوە دانیشتووی چەند ئیشێکی لاوەکیش دەکەی، شتێکیش دەچنی.

**ژنەکە:** پارەکە هەر وەکوو مانگی پێشوو بوو، لەوێ دامناوە [ئاماژە بۆ سووچێک لە دیمەنی شانۆکە دەکات] هەڵیگرن.

**پیاوەکە** [بە خۆشحاڵییەوە]، [واز لە خواردنەکە دەهێنێت، هەڵدەستێت دەچێتە ئەو شوێنەی کە ژنەکە ئاماژەی پێ کردووە. پارەکان هەڵدەگرێت دەست بە ژماردنی دەکات. ژنەکە سەری دەجووڵێنێ دەچێتە لای چنینەکە. پیاوەکە چەند جارێک بە تامەزرۆیییەوە پارەکان دەژمێریت. پاشان دێت و پارەکانی خۆشی هەڵدەگرێت دەیخاتەوە گیرفانی دەست بە خواردنەکەی دەکاتەوە. ڕووناکییەکە دەکوژێتەوە پەردەکە دادەخرێت]

## پەردەی سێیەم

هەمان دیمەن

**[ ژنەکە خەریکی نووســـینە کە پیاوەکە بە ســـینییەک و دوو کوپ قاوە دێتە ژوورەوە. سەیرێکی ژنەکە دەکات، دواتر سینیەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت]**

**پیاوەکە:** فەرموو، ئەوەش قاوە بۆ خاتوونی خاتوونان.

**ژنەکە** (بە توڕەیییەوە) [پێنووســەکە دەکوتێتە ســەر مێزەکە] هۆو، تۆیش لە کاتی ڕاودا گووت دێ.

**پیاوەکە** (بە سەرسوڕمانەوە) [سەیرێکی دەوروبەری دەکات]: کێ؟

**ژنەکە:** بێجگە لە جەنابتان کێی تری لێیە وا پرسیار دەکەی؟

**پیاوەکە** [بە سەرسوڕمانەوە]: بەڵام ... بەڵام خۆ من هیچم نەوتووە بانوو.

**ژنەکە:** وا دەبینی کە [ئاماژە بە کاغەز و قەڵەمەکە دەکات] بە ناخێرم خەریکم دەنووسم، وا هاتی، هەرچی شت هەبوو لە مێشکم دەرپەڕی.

**پیاوەکە:** پێشـــتر دەبوو مەوعیدم وەرگرتبا؟ ئینجا، هیچم نەوتووە، تەنیا گوتم فەرموو قاوە.

**ژنەکە:** زۆر باشە، ئێستا کێ داوای قاوەی کردبوو؟

**پیاوەکە:** ئاخر هەموو جارێ ئەم کاتانە قاوەیەکی گەرمت دەخواردەوە.

**ژنەکە:** ئاخر کەی کاتی قاوەیە؟

**پیاوەکە:** بانوو گیان، وا بیرم کردەوە کە دەتەوێ بە ئاگابی و بنووسیت.

**ژنەکە** [لاسـاییی پیاوەکە دەکاتەوە]: وا بیرم کردەوە کە دەتەوێ دانیشـیت و بنووسـیت، جەنابت لە کەیەوە تا ئێستا لەباتی من بیر دەکەنەوە؟

**پیاوەکە:** جەنابت نە، جەنابتان بانوو گیان

**ژنەکە** (بە لاقرتییەوە): پیاوەکە ئێوە نووسەرن یان من؟

**پیاوەکە:** ...

**ژنەکە:** چی بوو؟ تێدا ماوی، ڕاستە؟ کەواتە ئەوە منم کە نووسەرم! [ پێنووسەکەی دەستی پیشان دەدات] فەرموو، ئەوەش بەڵگە.

**پیاوەکە:** ئەمە چ پەیوەندییەکی بە مەسەلەکەوە هەیە؟

**ژنەکە:** بە چی؟

**پیاوەکە:** هەر ئەوەی کە من گوتم جەنابت نا جەنابتان.

**ژنەکە:** زۆریش پەیوەندی هەیە پیاوەکە.

**پیاوەکە:** هیچ کات پەیوەندی نییە بانوو.

**ژنەکە:** دەتەوێت بزانیت پەیوەندی چییە؟ [پیاوەکە بە تەنیا بە سەری پشتڕاستی دەکاتەوە] پەیوەندی ئەوەیە کە من خۆم دەزانم جەنابتان چۆن دەنووسن.

**پیاوەکە** (بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنێت ): دیارە! جەنابت! (پێکەنین)

**ژنەکە** (بە توڕەییەوە) [لە جێگاکەی هەڵدەستێت] : جەنابتان، نەتانفەرموو لە کەیەوە تا ئێستا لەباتی من بیر دەکەنەوە، بەڵێ؟ تازە ئەگەر من بمەوێت بەو کاتە شتێک بخۆمەوە، کاپۆچینۆم پێ باشترە نەک قاوە.

**پیاوەکە** (بە پێکەنین و گاڵتەوە): گوتم ڕەنگە بتەوێت فاڵی خۆت ببینی.

**ژنەکە:** پێویست ناکات! [ ئاماژە بە پیاوەکە دەکات] فاڵم بۆ گیراوەتەوە.

**پیاوەکە** [ سینییەکە هەڵدەگرێت]: بچم کاپۆچینۆیەک بێنم

**ژنەکە:** پێویست ناکا، نایەوێ.

**پیاوەکە:** ئاخر قاوەکە ساردبووەتەوە بانوو.

**ژنەکە:** پەکوو، کێ گوتی قاوەم دەوێ، ئای خوایە.

**پیاوەکە:** من تێدا ماوم.

**ژنەکە:** خواردنی ئێوارەت ئامادە کردووە پیاوەکە؟

**پیاوەکە:** ئێستا دەچم خواردن ئامادە دەکەم، بە چاوان بانوو.

**ژنەکە** (بێتاقەت): چی؟ ئێستا؟ تازە بچی خوانی ئێوارە ئامادە بکەی؟ هەی هوو

**پیاوەکە:** تازە خۆرئاوایە بانوو، کات هەیە، یەکسەر ئامادەی دەکەم، خەیاڵت ئاسوودە بێت.

**ژنەکە** [بە جووڵەی بەردەوامی سەر، لە جێگاکەی دادەنیشێت]: ئەو خوانەی بتەوێ بەم شێوەیە ئامادەی بکەی، ئاشکرایە چی لێ دەردەچێ پیاوەکە.

**پیاوەکە** (بە نیگەرانییەوە): دەڵێی چی بکەم بانوو گیان، بەیانی چوومە فەرمانگە، لە ڕێگا گەڕامەوە داواکارییەکانی ئێوە و شتەکانی ماڵەوەم کڕی، پاشان جلەکانم خستە ناو غەسالە، قاپەکانم خستە ناو غەسالەی قاپان، قاوەم بۆ ئێوە ئامادە کرد، ئایا کاتم هەبووە. خواردن ئامادە نەکەم؟ ئەگەر مرۆڤی ئاسنیش بووایە تا ئیستا شەقی بردبوو.

**ژنەکە:** نەخێر، ئافەرین، وانەکانت بە باشی فێر بوویت.

**پیاوەکە** [بە سەرسوڕمانەوە]: وانەی چی بانوو؟

**ژنەکە:** وانەی ئەوەی کە چۆن من داخ بکەیت، ئەمڕۆ ئیتر دایە گیانت چی فێر کردووی؟

**پیاوەکە:** ئەمڕۆ؟!! من بۆ ماڵی ئەوان نەچووم.

**ژنەکە** (بە شیرەبزەوە): دڵنیای بۆ پێویستە بۆ ئەوێ بچیت؟ بە تەلەفۆنێک [ڕۆڵەکەی دەگێرێت] ئەلوو، دایکە.

**پیاوەکە:** چی بڵێم ... سوودی نییە [دەیەوێ بچیتە دەرەوە.]

**ژنەکە:** بۆ کوێ پیاوەکە؟

**پیاوەکە:** هیچ کوێ، دەچم خواردنی ئێوارە ئامادە دەکەم بانوو.

**ژنەکە:** تەلەفۆن بکە پیتزا بێنن پیاوەکە.

**پیاوەکە:** پیتزا بۆچی، خۆم ئامادەی دەکەم بانوو.

**ژنەکە:** پیسکەیی مەکە پیاوەکە، تەلەفۆن بکە.

**پیاوەکە** [بە توڕەییەوە]: باشە بۆچی خۆت تەلەفون ناکەی؟ ئەوەش من بیکەم.

**ژنەکە:** دەست پێ بکە، بڵێ، بڵێ لە بەیانییەوە دەچیتە فەرمانگە پاشان کڕین و شوشتن، بڵێ.

**پیاوەکە:** ئەی وا نییە؟ بۆ خۆت هەموو کات خەریکی دەنووسی دەرچوونیشت نییە.

**ژنەکە:** وادەزانی چاکەت و پانتۆڵێکت لەبەرکرد و، بە شـــەقە شـــەق چوویتە فەرمانگە، ئەمە دەبێ بە ئیش؟

**پیاوەکە:** کەواتە چ دەبێتە ئیش بانووی نووسەر؟

**ژنەکە:** ئەوە لە من دەپرسیت؟ بە ناخێرت جەناب... جەنابتان پیاون.

**پیاوەکە:** خەریکە ئیتر بێ تاقەتم دەکەی.

**ژنەکە:** ئێنجا چی دەکەت؟

**پیاوەکە**: پێت پیشـــان دەدەم ئەو کات [بە توندی ســـینییەکە بەســـەر مێزەکەدا دەدات دەچێتە دەرەوە. ژنەکە ماوەیەک دوودڵە. پاشـــان زەردەخەنەیەک دەکات و بە خێرایی دەســـت بە نووســـین دەکاتەوە. ڕووناکییەکە دەکوژێتەوە. پاش ماوەیەک ڕووناکییەکە هەڵدەکرێت و ژنەکە خەریکی نووسـینە. پیاوەکە بە سـینییەک دیتە ژوورەوە، سـەیرێکی ژنەکە دەکات و سینییەکە لەسەر مێزەکە دادەنێت]

**پیاوەکە**: ماندوو نەبی بانووی نووسەر

**ژنەکە** [پێنووسەکە دەکوتێتە سەر مێزەکە] : دیسان دەستی کردووە بە پلار تێ گرتن.

**پیاوەکە** (سەرسوڕماو): هیچم کردووە؟ شتێکی خراپم گوتووە؟

**ژنەکە**: ئەی بابە، نەخیر پیاوەکە، هیچت نەگوتووە، باشە.

**پیاوەکە** (بە واق وڕماوییەوە) [لەبەر خۆیەوە دەڵێتەوە بەڵام هیچ شـــتێکی دەســـت ناکەوێت]: کەواتە کاپەچینۆیەکەت بخۆ، (بە زمان لوســـییەوە) هەر لەوەی جارانە کە حەزت لێیە.

**ژنەکە:** کاپۆچینۆ؟ ئا لەم کاتە؟ [بە نیشـانەی سـەر و دەسـتی دەیەوێت پێی پیشـان بدات کەوا خۆی کۆنترۆل دەکات] من گوتم کاپۆچینۆ بێنە پیاوەکە؟

**پیاوەکە** (بە نەرمییەوە): بـانوو گیـان ئێوە نەتـانگوت، بەڵام بیرم کردەوە کە ...[ ژنەکە قسەکەی پێ دەبڕێت]

**ژنەکە:** ئێوە دەبێ لەباتی من بیر بکەنەوە پیاوەکە؟

**پیاوەکە:** دەزانی چییە؟ من وا دەزانم خەلەلێک لە ژیانی ئێمەدا بوونی هەیە، ئەگینا لەم دونیا گەورەییە ئەو هەموو ژن ومێردە هەن کە بە باشی و بە خۆشی دەژین.

**ژنەکە:** ئێستا بە بیرت هاتەوە پیاوەکە؟ دەبوو ئەمە پێش یانزە ساڵ کە بە شەقە شەق بەڕێ کەوتن و هاتنە داخوازی کچە تاقانەکەی دکتۆر ڕاشیدی مەزن، بیرتان لێ کردبایەتەوە.

**پیاوەکە:** یانزە ساڵ و سێ هەفتەیە بانوو.

**ژنەکە:** ئەوە خراپتر! هەموو ڕۆژێکی عەزابێکە بۆ خۆی.

**پیاوەکە:** هیچ نییە، ڕێگایەکی بۆ دەدۆزینەوە.

**ژنەکە:** برۆ بابە دڵت خۆشە، ئەگەر تۆ بتویستبایە ڕێگایەک بدۆزیتەوە تا ئێستا لە نوکەندی سوێسیش تێپەڕی بووی [بێدەنگی] دەزانی چییە، تۆ بێ دەستوپلی پیاوەکە.

**پیاوەکە** [بە توڕەیییەوە]: هیچ بێ دەستوپلی نیم.

**ژنەکە:** [بە دەنگی بەرز]: هەی، هەی، هەی!

**پیاوەکە:** هێدی خاتوون، هێدی، [هەوڵ دەدات ژنەکە ئارام بکاتەوە] ئێستا دراوسێکان گوێیان لە دەنگمان دەبێت، باش نییە بانوو.

**ژنەکە** (بە دەنگی بەرزتر): لێگەڕێ گوێیان لێ بێت، بهێڵە هەمووان بزانن کە تۆ چیت بە چارەنووسی من کردووە...، چییە چونکە ژنم ئەوا هەرچییەک کە حەزت لێ بێت دەتوانی بیکەیت؟ بەڵام لەگەڵ من ناتوانی.

**پیاوەکە** (بێدەنگ، وردە وردە): هەموو کات.. دەکرێت بڵێیت چ هەڵەیەکم کردووە بانوو؟

**ژنەکە:** خۆت نازانیت ؟ حەتمەن دەبێت من بڵێم؟ [بێدەنگی]

**پیاوەکە:** خوانی ئێوارەم ئامادە کردووە، ئامادەیە، بیهێنم.

**ژنەکە:** پەکوو، فەرموو، نەخێر، هیچم ناوێت، وەڵامم دەوێ.

**پیاوەکە:** وەڵامی چی بانوو؟ ئاخر شتەکان بۆ هێندە ئاڵۆز دەکەی.

**ژنەکە:** من هەموو شتێک ئاڵۆز دەکەم پیاوەکە یان ئێوە تا دەڵێی پشت چاوت برۆیە لە ماڵەوە دەڕۆیت.

**پیاوەکە:** دەڕۆم تا ئێوە ئاسوودە بن بانوو.

**ژنەکە:** ئاوا بە ئاسانی؟ وا دەزانی بەم شێوەیە ئاسودە دەبم؟ بڕوانە لەم کابرایە ...، لە بری ئەوەی دانیشی و ئەم کێشەیە چارەسەر بکەی، تێدەقووچێنی، ئەمە بووەتە ئیشی تۆ.

**پیاوەکە:** چونکە حەزم لێ نییە لەخۆڕا مێشکمان بە شەڕ و فەرتەنە تێک بدەم.

**ژنەکە:** دەبێت نەهێڵیت ئەو شـەڕ و فەرتەنەیە دەسـت پێ بکات، ئینجا وا دەزانی بڕۆیت چی دەقەومێت؟ بۆ ئەوپەڕی دونیاش بڕۆی کاتێک لێرە دەسـەڵاتت نەبێت! هەر هەمان کەسی.

**پیاوەکە:** باشە ئەم جارە خۆت بڕۆ.

**ژنەکە:** من؟ ئەم ماڵ و حاڵی منە، بۆ کوێ بڕۆم؟

**پیاوەکە:** بۆ خانوویەکی کرێ؟ دەتوانی بڕۆیتە ماڵی دایکت یان بۆ شوێنێکی تر.

**ژنەکە** : من ڕا ناکەم ، ئەوە تۆی ڕاهاتووی هەڵبێی، سـوپاس بۆ خوا شـوێنێکیشـت نییە، چەند ڕۆژێک دەڕۆی پاشان دەگەڕێتەوە و دیسان هەمان تاسە و هەمان حەمام.

**پیاوەکە:** ئەم جارە گەر بڕۆم ئیتر ناگەڕێمەوە، دەیبینی.

**ژنەکە:** ئەم جارە بۆت نییە بڕۆی، دادەنیشـی و هەموو شـتێک یەکلا دەکەیتەوە، ئەو باوکە مرد جارێکی تر وا بڕۆی.

**پیاوەکە:** بۆ من دەخەیتە نێو ئەم بەرداشەوە بانوو، خۆت وا لێ بکە.

**ژنەکە:** ئۆو چەند خۆیشـی خۆش دەوێت! [لاسـاییی پیاوکە دەکاتەوە] من دەخەیتە نێو ئەم بەرداشەوە (بە توڕەییەوە) زۆر خۆت فیدا دەکەی.

**پیاوەکە:** ئێستا خۆت چی؟ تا ئێستا چیت داوەتە دەرەوە؟

**ژنەکە:** چیم دابێتە دەرەوە؟

**پیاوەکە:** کتێبێک، چیرۆکێک شـتێکت لە ماوەی ئەو یانزە سـاڵ و سـێ هەفتەیەی کە پێکەوە ژیاوین چاپ کردووە؟... نەخێر.

**ژنەکە:** مەگەر دەرفەتتان داوە بە من داوە؟

**پیاوەکە:** من لە بەیانییەوە دەچمە فەرمانگە، پاشـان شـت کڕین و یارمەتیدانی تۆ لە ماڵەوە، تا ئێستا بووە ڕێگریم لێ کردبی بانوو کەوا دەڵێت؟

**ژنەکە:** دڵخۆشیم نییە تێگەیشتی... دڵم خۆش نییە، تەواو.

**پیاوەکە:** باشە بانوو، کۆتایی پێ دەهێنین.

**ژنەکە:** بەردەوام بەدوای ئاسانترین ڕێگادا دەگەڕێی پیاوەکە

**پیاوەکە:** وا عاقڵانەتریشە بانوو

**ژنەکە:** تۆ وا بیر دەکەیتەوە، هەر جارێک شتێکت لێ بپرسم کە بەرژەوەندیی خۆتی تێدا نەبێت خێرا خۆت دەدزیتەوە، وەڵامی مرۆڤ نادەیتەوە.

**پیاوەکە:** باشە، باشە دەیڵێم بانوو... چەند ساتێک مۆڵەتم بدە [بەپەلە لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە. پاش ماوەیەک بە پاکەتێکەوە دەگەڕێتەوە کە وا پێدەچێت چەکێکی تێدابێت. بێدەنگی باڵ دەکێشێت بە سەر شوێنەکەدا کەوا بریارە شتێک ڕوو بدات. ژنەکە بە واق ورماوییەوە سەیری دەستی پیاوەکە دەکات. پاش ماوەیەک پیاوەکە پاکەتەکە بۆ لای ژنەکە درێژ دەکاتەوە]، فەرموو بیگرە.

**ژنەکە** (بە دڵەڕاوکێ و لەسەرخۆ): ئەوە ... ئەمە چییە ئیتر؟

**پیاوەکە:** مەگەر ناتەوێت وەڵامەکەت وەربگریتەوە؟ [ژنەکە بە جووڵەی سەر قسەی پیاوەکە پشتڕاست دەکاتەوە] دەی فەرموو، بیگرە و بیکەوە، ئەمە وەڵامەکەتە.

**ژنەکە** [بە وریاییەوە پاکەتەکە وەردەگرێت و دەیکاتەوە. بووکەڵەیەک لە ناویەوە دێتە دەرەوە]: ئەمە؟ بووکەڵەیە؟

**پیاوەکە:** وا دەزانی منیش منداڵم خۆش ناوێت بانوو؟ وا دەزانی کاتێک گوێم لە دەنگی منداڵانی دراوسێکان دەبێت دڵم بەرگە دەگرێت؟ دەزانی چەند بە حەسرەتەوە سەیری منداڵەکان دەکەم کە بۆ قوتابخانە دەچن؟

**ژنەکە:** بەڵام من وام دەزانی... منیش عاشقی منالم ئاغا گیان [جووڵەی بە هەستی سەر و دەستی ژنەکە و لە بەرانبەریشدا پیاوەکە. لە شێوەی لاواندنەوە بووکەڵەکە دەجووڵێننەوە و لە گەڵیدا وەکوو منداڵی خۆیان یاری دەکەن. ماوەیەک بەو شێوەیە تێدەپەرێت. جەوێکی خۆمانە و دڵگیر دروست دەبێت]

**پیاوەکە:** چ ناوێک لە منداڵەکانمان بنێن بانوو گیان؟

**ژنەکە:** هەر چییەک ئێوە بیڵێن پیاوەکە، من قسە لەسەر قسەی ئێوە ناکەم.

**پیاوەکە:** بڵێ بانوو، منداڵی ئێوەیە، هەر چییەک ئێوە بفەرموون.

**ژنەکە:** نەخێر پیاوەکە، دەبێت باوکی ناوی بۆ هەڵبژێریت،

**پێدەکەنن. دەنگی موسیقایەک ئارام ئارام دێت و دەنگی ئەوان ون دەبێت، ڕووناکییەکە دەکوژێتەوە، پەردەکە دادەخرێ، شانۆکە کۆتایی دێت.**